# لەم مانگەدا

(٤)

## کۆتایی

**سەلاح سەعید ئەمین**

زۆرجار بەو گوتەزایە کاریگەرم کە دەڵێت: "حەقیقەت بەدەست لایەنگرەکانییەوە گیری خواردوە". چونکە راستەوخۆ خەیاڵ و زەینم بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە ئیسلامیش بەدەست موسڵمانەوە گیری خواردووە، گیرخواردنی ئیسلام بەدەست موسڵمانەوە لەوەدایە واناکەن کە ئیسلام داوایدەکات، مەبەست بە موسڵمانان لێرەدا خەڵکی ئاساییە بەگشتی، بۆ ئەوەی لەمە حاڵی بین پێویستمان تەنها بە لێ روانینێکی زۆر سادەیی ژیانی رۆژانەی موسڵمانانە و هیچی تر، کام موسڵمانی عاقڵ و پێگەیشتو "ئەوەی کە لە رووی شەرعییەوە ئەرکبارە و قابیل بە لێپرسینەوە و پاداشت و سزای خواییە "هەیە نازانێت حەڵاڵ و حەرام چییە و بەشی خۆی لێکیان جیاناکاتەوە، نەزانێت چاکە لە خراپە جیابکاتەوە، نەزانێت خەسڵەتەکانی وەك: راستگۆیی، ئەمانەتپارێزی، دڵسۆزی، جورئەت، دادخوازی، هاوکارییکردن، سەرڕاستی لە کڕین و فرۆشدا، دەستپاکی، وردەکاری و دڵسۆزی بەخەرجدان لە ئیش و کاردا، لە دەوام و فەرمانگەکاندا، هێما و شوناسی ئەون و وەك مرۆڤێکی موسڵمان و ئایینەکەی داوای کردووە لەخۆیدا بەرجەستەیان بکات، موسڵمان هەیە نازانێت نوێژی بەکۆمەڵ خێری زیاترە لە نوێژی تاك، هەیە نازانێت زەم و غەیبەت رەتکراوەیە لە ئایینەکەیدا، هەیە نازانێت ئازاردنی دراوسێ سزای خوایی هەیە، هەیە نازانێت ئیرەیی بردن دروست نییە، قوڵبڕین و چاڵهەڵکەندن بۆ ئەویتر ناڕەوایە و...هتد.

ئەم نموونە سادانەمان عەرز و حاڵ کرد بۆ ئەوەی بڵێین: کەسێك نییە لە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە و هەمووان پێکەوە لە ناویدان و، ئەو پرسیارە رووبەرووومان دەبێتەوە، بۆچی واناکەین کە ئیسلام داوای دەکات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە نە شیکاری دەروونناسی دەوێ و نە تێڕوانینی کۆمەڵایەتیانە بۆ کەسێتی تاکی موسڵمان، تەنها بڕیارێکی گەڕەکە لە هەناوی تاکی موسڵمان خۆیەوە هەڵبتۆقێ و لەو دوالیزمەیە بێتە دەرەوە، کە هەم خۆی یەخسیر کردووە لە ژیاندا و هەم ئیسلام گیری خواردوە بەدەستیەوە، خۆی یەخسیرە لە ژیاندا چونکە شوناسی موسڵمانێتی هەڵگرتووە بە کردەوە بۆی نابرێت بەڕێوە، ئیسلامیش گیری خواردووە بەدەستیەوە، چونکە خەڵکانی ناموسڵمان لە رەفتاری ئەوەوە ئیسلام دەخوێننەوە و وێنەیەکی شێواویان لەبارەی ئیسلامەوە بۆ دروست دەبێت. ئەم بارودۆخە دەبێت تاکی موسڵمان بیخات بەلایەکدا و خۆی بۆ دینداریەکی راستەقینە تەرخان بکات، ئەم بەلاداخستنە ئەو ئەرکەیە کە دەکەوێتە سەرشانی تاکی موسڵمان لە هەوڵ و تێکۆشانیدا بۆ رزگاربوونی ئومەت لەو قەیرانە فیکری و دواکەوتنە شارستانییەی تێیدایە.

# بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە!

**سەنگەر بابەکر**

زۆرترین دەستەواژە کە لەم مانگەدا لەناو راگەیاندنی بینراودا دووبارە دەبێتەوە ئەم دەستەواژەی سەرەوەیە. بەر لەوەی باس لەوە بکەم دەمەوێت وەبیری بهێنمەوە کە مانگی ڕەمەزان لەناو موسڵمانان و ئاینی ئیسلامدا جێگەیەکی بەرزی هەیە، بەجۆرێك کە بە مانگی لێخۆشبوون و پاکبوونەوەی موسڵمانان دادەنرێت لەو تاوان و خراپیانەی کە پێشتر ئەنجامیان داوە، بە واتایەکی تر مانگی تازەکردنەوە و توندتر کردنی پەیوەندییە روحیەکانی موسڵمانانە لەگەڵ پەروەردگاردا، ئەوەی رێزی ئەم مانگەی زیاتر کردووە دابەزینی قورئانی پیرۆزە لەم مانگەدا، ئەو قورئانەی کە دەستوری بەڕێوەبردنی ژیان و چۆنیەتی گرێدانی پەیوەندییە رۆحیەکانی موسڵمانانە، هەروەها هەر ئەم قورئانەیە کە عیبادەتە تایبەتییەکانی ئەم مانگە بۆ موسڵمانانان ڕوون دەکاتەوە، هەر ئەم دەستورەشە شتە رێگەپێدراو رێگە پێنەدراوەکان دیاری دەکات.

ئەوەی کە گرنگە باسی بکەم ئەوەیە کە لەناو راگەیاندنی بینراودا دەستەواژەی (ئەم بەرنامەیە بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە پێشکەش دەکرێت) زۆر دووبارە دەکرێتەوە، بەجۆرێك راگەیاندنەکان چەندین بەرنامە و درامای چرووپر بەبۆنەی ئەم مانگەوە ئامادە دەکەن.

ئەگەر وا دابنێین کەسێکی ناموسڵمان و نەشارەزا لە دینی ئیسلامدا بێتو لەم هەرێمەی ئێمەدا دابنیشێت و ببێتە سەیرکەری بەرنامە زۆرو زەوندەکان، کە بەم بۆنەیەوە پەخش دەکرێن، وا هەست دەکات کە ئەم مانگە مانگی مەی خواردنەوە و مانگی گۆڕینەوەی هەست و سۆزی عاشقانەی نێوان رەگەزە جیاوازەکانە، دڵنیام کە وا هەست دەکات مانگی قومار و یانەسیبە، مانگی نمایشکردنی روداوگەلێکە لەناو بەرنامە جۆراوجۆرەکاندا کە هەستی جینسی مرۆڤەکان دەجولێنن، وا هەست دەکات مانگی نمایشکردنی کوڕ و کچی جوان و پۆشاکە تازە مۆدیلەکانی بەریانە.

ئەمە راستییە و من بە ناحەقی هەر کەسێکی نازانم کە بەم جۆرە بیربکاتەوە، چونکە بەبەرچاوی هەموومانەوە دراما گەلێك لە راگەیاندنی کوردی پێشکەش دەکرێت کە زیاتر لەنیوەی کاتەکانی بە نیشاندانی مێزە ڕازاوەکان بە خواردنەوەی مەی، کە رەنگە ئەمە بەجۆرێك لەجۆرەکان و لەلای هەندێ کەس سەرنجڕاکێش بێت و ببێتە رێکلام بۆ ئەو کارەی کە موسڵمانان خۆیان دەزانن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان و ئاینی ئیسلامیش سزایەکی روون و توندی بۆ داناوە، ئەمە جگە لەو رووداوانەی کە هەستی جینسی مرۆڤەکان دەجولێنن، لە رەقس و سەمای کچانی ناو بەرنامەکان و گۆرانی بە دەنگی ناسك و خۆشیان، کە ئەمەش دەبێتە ئەنتی عیبادەتی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بەرنامە یانەسیبیەکانیش هەر بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە پێشکەش دەکرێن، کە ئەمەشیان لە ئاینی ئیسلامدا حرامە و ناشێت مرۆڤی موسڵمان لێی نزیك ببێتەوە.

من رێز لەو دەنگانە دەگرم کە پشتگیری لە وەها بەرنامە و کارێك دەکەن و، کاتەکانی راگەیاندنەکانیانی پێ پڕدەکەنەوە، بەڵام حەقی خۆیەتی بپرسین ئایا ئامان شارەزانین لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام، یان بە چ پاساوێك دەیانەوێت بڵێن بەم جۆرە رێز لە مانگی رەمەزانی پیرۆز دەگرین؟! چونکە من و هەر کەسێکی تریش هەست بەوە دەکات کە ئەم کارانە دووجار بێڕێزی کردنە بەم مانگە، جارێك لەبەر نارێکی بەرنامەکان لەگەڵ ئاینی ئیسلام و، جارێکی تریش بێڕێزی پێ دەکەنەوە بەوەی کە دەڵێن بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە ئەم بەرنامانە پێشکەش دەکەین. بۆیە من تکا لەو جۆرە راگەیاندنانە دەکەم کە بەم کارەیان سوکایەتی نە بە ئاینی ئیسلام و نە بە مانگی رەمەزان و نە بە مەشاعیری موسڵمانانیش نەکەن، یان هەرنەبێ تکا دەکەم کە چیتر نەوترێت ئەم بەرنامانە بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوەیە، چونکە هیچ نەبێ بەشێك لەو سوکایەتییە کەمدەبێتەوە کە بەو مانگە و بەو ئایینە و بە هەستی باوەڕدارانی ئەم ئاینە دەکرێت.



# کەناڵەکانی راگەیاندن تاچەند رێزیان لە مانگی رەمەزان گرتووە؟

**قاسم سروش/ یەکگرتوو**

مانگی رەمەزان، مانگێکی پڕ خێر و بەرکەتە بۆ گشت موسڵمانێك، هەمووان رێز لەو مانگە دەگرن و بەڕێزەوە ماڵئاوایی لێدەکەن، کەناڵەکانی راگەیاندن بەتایبەت بینراوەکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لە رێزگرتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، پێویستە ئەو کەناڵانە زۆرباش رێز لەو مانگە بگرن و دڵی مرۆڤی موسڵمان نەشکێنن، لە کاتێکدا ئەم هەرێمە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانە و بەڕۆژوو دەبێت.

یەکێك لەو کارانەی کە پێویستە لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندنی بینراو بەتایبەتن ئەوەیە کە هەستن بە ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بەو مانگە و رێزگرتنی و پەخش نەکردنی ئەو بابەتانەی لەگەڵ مانگی پیرۆزی رەمەزان ناگونجێت. لێرەوە دەپرسین کەناڵەکانی راگەیاندن توانیویانە رێز لە مانگی رەمەزان بگرن؟

راگەیاندکار (خۆگر ئەنوەر) پێ وایە کەناڵەکانی راگەیاندن وەك نەریتێکی ساڵانە هەڵدەستن بە دانان و ئامادەکردنی پێڕەو پرۆگرامی تایبەت لەو مانگە، خۆی لەخۆیدا ئەم خۆ ئامادەکردنە رێزگرتنە لە مانگی ڕەمەزان. پێشی وایە بەرنامەی نوێ گرنگ نییە لەو مانگە، بەڵکو ناوەڕۆکی بەرنامەکان گرنگە، کە تاچەند رێز لە هەستی مرۆڤی موسڵمان دەگرن ون چی پێشکەش دەکەن. پێشی باش بوو کە کەناڵەکانی راگەیاندن دووربکەونەوە لە بابەت و بەرنامەیەك کە مەیلی زیاتری دونیا لای تاکەکان دروست بکات و دووریان بخاتەوە لە لایەنە رۆحی و ئیمانیەکان.

ئەو راگەیاندکارە کەناڵە ناوخۆیەکانی بە باشتر دەبینێ لە رێزگرتنیان لە مانگی ڕەمەزان لەچاو کەناڵە ئاسمانیەکان، کە بەردەوام دەبن لەسەر پەخشکردنی بابەت و بەرنامەکانیان.

(بەفرین جەلال) وەك قوتابیەکی پەیمانگا وتی: "کەناڵەکانی راگەیاندن دەبن بە دوو بەشەوە، بەشکێیان زۆرباش رێز لەو مانگە دەگرن و گرنگیی زۆری پێدەدەن و، هەستی مرۆڤی بەرۆژوو بریندار ناکەن. بەشی دووەمیان گرنگی پێدەدەن، بەڵام هاوشانی گرنگیپێدانیان بەو مانگە هەر بەردەوام دەبن لەسەر پەخشکردنی گۆرانی و فلیمە بیانییە ناتەندروستەکان".

(سەرکەوت یاسین) پێوایە کەناڵەکان ئەرکی خۆیان لەو مانگە جێبەجێ دەکەن، بەوەی هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی بەرنامەی ئایینی و داوەتکردنی مامۆستایانی ئایینی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە شەرعییەکان.

هۆکاری رێزنەگرتنی کەناڵەکان زۆرە لەو مانگە پیرۆزە بەڕای (شۆڕش کۆیی) زۆرێك لە کەناڵەکانی راگەیاندن بەتایبەت بینراوەکان هیچ پێشینەیەکیان نییە لە بەرنامەی ئایینی و پەخشکردنی بابەت و بەرنامەی بەسوود، بۆیە لە مانگی رەمەزانیش بەهەمان عەقڵیەتی مانگەکانی تر بیردەکەنەوە..

جیاوازی زۆر دەبینرێت لە سەرەتای مانگی رەمەزان و کۆتاییەکانی مانگی ڕەمەزان لە پەخشکردنی بەرنامە و بابەتەکان لە لایەن کەناڵەکان، ( دیدار حەمەد) وەك هاوڵاتییەك دەڵێ: "کەناڵەکانی بینراو لە سەرتای مانگی رەمەزاندا بەشێوەیەکی باش رێزیان لەو مانگە دەگرت و هەستی موسڵمانیان رادەگرت، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایهاتنی مانگی رەمەزان دەست دەکەنەوە بە پەخشکردنی ئەو بەرنامانەی کە لەگەڵ ئادابی ئیسلامی ناگونجێت، لە دانانی کورتەنامەکان لەژێر نووسین، کە زۆر کاریگەری نەرێنی هەیە بەتایبەت لەسەر چینی گەنجان".

کەوابوو بەشێوەیەکی گشتی کەناڵەکانی راگەیاندن رێز لە مانگی رەمەزان دەگرن، بەڵام دەیانتوانی باشتر رێز لەو مانگە بگرن و خۆیان دووربخەنەوە لە پەخشکردنی هەندێك بابەت کە لەگەڵ مانگی رەمەزان و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت.

# سڵاو لە پەرلەمانتار (ئوسامە جەمیل)

**تاریقی هەڤاڵ سەرگەلۆیی / ئینگلتەرا**

لە گەرمەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقدا کاندیدەکانی کورد دەیان و سەدان بەڵێن و پەیمانیان بە خەڵکی کوردستان و هەژاران و کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهیدان و بێ باوکان و بێ نەوایان و خەڵکی بەشمەینەت و بێدەرەتانی کوردستان دا، دەیانگوت ئەگەر دەنگمان پێ بدەن و دەربچین و ببینە ئەندام پەرلەمان ئەوەتان بۆ دەکەین و خزمەتتان دەکەین، بەڵام بەداخەوە دەڵێم بەڵێن و پەیمانەکانیان تەنها بلقی سەرئاو بوو و تەنها بۆ پڕوپاگەندە و دۆگماکردنی خەڵکی کوردستان بوو، ئەینا پێم ناڵێن کام ئەندام پەرلەمانتان ئەوەندە لەخۆبردوو و خۆنەویست بوو وەك پەرلەمانتار (ئوسامە جەمیل) و، لە مووچەی مانگانەکەی خۆی یارمەتی مانگانە بۆ (٢٠) خانەوادەی بێ باوك و هەژاری شاری هەولێر ببڕێتەوە؟! پێم ناڵێن بەدرێژایی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان هەر لە ساڵی (١٩٩٢) هەتا ئەمڕۆ چ ئەندام پەرلەمانێکی کورد چ لە پەرلەمانی کوردستان یان لە پەرلەمانی عێراق هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەی وەك کاك (ئوسامە جەمیل) نواندووە، کە بەکردەوە لە خەمی هەژاراندا بێت و لەگەڵ ئازار و برسێتی هەژاراندا بژی، هەموو ئەندام پەرلەمانانەکانی کورد بەقسە هیچیان نەهێشتۆتەوە، بەڵام لە مەیدانی پراکتیز و کرداریدا کامتان تائێستا هەڵوێستێکی وەکو (ئوسامە جەمیل)تان نواندووە، بەڕاستی پەرلەمانتار دەبێ لە مانای پەرلەمانتاری بگات و بەجدی و بەکردەوە دەبێ لە خەمی خەڵکی هەژار دابێ و بزانێ کە لە نیشتمانە زامدارەکەی کوردستان چەندین کەس هەن نانی نیوەڕۆیان هەیە و نانی ئێوارەیان نییە، دەبێ بزانێ چەندین خانەوادەی بێ باوك هەن و چاوەڕێی دەستی یەکێکن کە پارویەك نانیان بداتێ! بەڵام بەداخەوە زۆر راستە کە دەڵێن کەسی تێر ئاگای لە کەسی برسی نییە. کەسی تێر رەنگە نەزانێ هەژاری یانی چی؟ برسێتی یانی چی؟ بێ پۆشاکی یانی چی؟ بەڵام ئەو خانەوادە هەژارانەی کوردستان زۆرچاك لە مانای هەژاری و نەبوونی گەیشتوون و زۆر چاك دەزانن ئەو یارمەتییە مانگانەی کە کاك ئوسامە لە مانگانەکەی خۆی بۆی بڕیونەتەوە چەند گرنگە بۆیان. لە کۆتاییدا هیوادارم سەرجەم ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق ویژدانیان بجولێت و چاو لە پەرلەمانتار ئوسامە جەمیل بکەن و ئاوڕێك لە هەژاران و بێدەرەتانان و خانەوادەی بێ باوکەکان بدەنەوە و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەن. شوکر بۆ خودا (١١١) ئەندام پەرلەمانمان لە پەرلەمانی کوردستان و (٥٧) ئەندام پەرلەمانی کوردمان لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە، واتە بەکۆی هەردوو پەرلەمانەکە (١٦٨) ئەندام پەرلەمانی کوردمان هەیە، ئەگەر هەر یەکێکتان هەڵوێستێکی وەك ئوسامە جەمیل بنوێنێ و یارمەتی مانگانە بە (٢٠) خانەوادەی هەژار بدات ئەوا لە هەر مانگێکدا (٣٣٦٠) خانەوادەی هەژار لە یارمەتی پەرلەمانتارانی کورد سودمەند و دڵخۆش دەبن، لە دواجاردا دەستخۆشی لە کاك (ئوسامە جەمیل)ی پەرلەمانتار دەکەم، بەڕاستی پەیمانی خۆی لەگەڵ هەژاراندا بردەسەر و راستگۆبوو لەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بە هەژارانی دابوو. دووبارە داوای هەڵوێستی کرداری دەکەم لە سەرجەم پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق کە ئاوڕێك لە هەژاران بدەنەوە و ویژدانتان لە ئاست ئازاری برسێتی و نەبوونیی هەژاراندا بجولێ و دەستی یارمەتییان بۆ هەژارانی کوردستان درێژ بکەن، لەو هەزاران دۆلارانەی کە مانگانە وەریدەگرن، ئێوە بەحیساب نوێنەری خەڵکن لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا!